شیکردنەوەی هونەریی شانۆنامەی باوک

کەمال ڕەووف هەنجیرە

ئەو دەمەی شانۆییەکی هەستیار و پڕاوپڕ لە داڕشتنێکی جوان و سەر بە قوتابخانەیەکی ڕێبازە دیار و مێژوویی‌یەکانی ئەدەب و هونەر، لەلایەن دەستەیەک لە هونەرمەندانی کوردی پرۆفیشناڵ و ئەکادیمی لە هەندەرانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کوردستان و لەسەر تەختەی شانۆی یەکێک لە شانۆییەکانی کوردستان، یان پتر پێشکەش دەکرێت، بێ لەوەی وەک ئەرکێکی هونەری و ڕۆشنبیری پێویستە هەموو وەک بینەر لە زەمەنی نمایشەکەدا ئامادەبوونمان هەبێت، لەوەش جوانتر ئەوەیە بۆ بڕەودان بەو ڕەوشە هونەرییە چەندمان لە توانایی‌دا بێت دەمەتەقەیەکی هونەرییانەی لەگەڵ بکەین.

شانۆیی باوک لە ڕووی ئەدەبییەوە شانۆییەکی مێژوویی ناتوریالیزمییە، ئاگۆست ستریندبێرگی نووسەری دەچێتە نێوان پێوەری ئەو زنجیرە نووسەرە ڕیالیزمیانەی وەک چیخۆڤ و هەنریک ئیبسن و بیراندیللۆیە..

سترنبێرگ نووسەرێکی بوێر بووە، نووسینەکانی سەبارەت بەو بابەتانەی دەیوروژاندن مشتومڕێکی زۆری لێ دەکەوتەوە، بە دژایەتیکردنی جوولەکەش تۆمەتبار دەکرا. لە کۆمەڵە چیرۆکی (ژنهێنان)دا دارودەستەی کلێسای سوێدی زۆر تووڕە کرد، بە تایبەتی چیرۆکی(خەڵاتی چاکە) کە تێیدا ستریندبێرگ گاڵتەی بە ڕێوڕەسمی کلێسا کردووە، کتێبەکە دەستی بەسەردا گیراو خۆیشی درایە دادگا. لە ژیانی هاوسەرێتیدا تووشی زۆر کێشە بووە، سێ جار ژنی هێناوە، بۆیە ئەم کێشانە، لە پێوەندی نێوان کارەکتەرە ژن و پیاوەکان لە زۆربەی شانۆیی و ڕۆمانەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و دانیمارک ژیاوە،

لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٤ بۆ ١٨٨٧ لە سویسرا ژیاوە و لەوێ پێوەندی لەگەڵ نیتشە بەستووە و زۆر ئارەزووی لە نووسینەکانی (ئەدگار ئالان پۆ) بردووە، لە ناوەندەکەی خۆیدا پێشەنگ بوو. لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەی وەک شێوازی نووسین و دەربڕین و کاریگەرییەکانیان لەگەڵ دەوروبەریان و هەموو ئەو زانستە فەلسەفی و ئیستێتیکییەی لە ڕۆژانی ژیانی نووسینی ئەواندا ڕۆڵیان هەبووە، بوونە خاوەنی تەوژمی شانۆیەکی نوێی شۆڕشگێڕانە، شۆڕشی شانۆ بەو مانایەی گەڕان بەدوای ئەو ڕاستییانەی گۆڕان خۆیان دێنن. کاریگەرێتی ئەم کەڵە نووسەرە بەسەر خوێنەر و شانۆنووسانی تر وەک (یۆجین یۆنیسکۆ و یۆجین ئۆنێل و جۆن ئۆزبۆرن و بێکێت و هارۆڵد پینتەر) هەبووە.

دووبارە پێویستمان بەوەیە لە دیوێکی ترەوە کەمێک بگەڕێینەوە سەر کورتەیەک لە ژیانی نووسەری شانۆیی باوک، چونکە بەبێ ئاشنابوونمان بە ژیانی نووسەر، مەحاڵە بتوانین قسەی تەواوی هونەری و ئەدەبی خۆمان لەسەر چۆنیەتی نووسینی شانۆییەکە و نمایشەکەش بکەین.

ئاوگۆست ستریندبێرگ لەساڵی ١٨٤٩ لە شاری ستۆکهۆڵم لە دایک بووە، لە خانەوادەیەکی بەرەگەز ئەرستۆکرات بووە و هەردەم شانازی بە ئەرستۆکراتی خۆیەوە کردووە، بەڵام دایکی لە خانەوادەیەکی پرۆلیتار بووە. سروشتی ژیانی وەک منداڵێک لە خانەوادەیەکی ناجێگیری کۆمەڵایەتی و پڕ کێشە، بۆ تەواوی ژیانی درێژەی کێشاوە و کاریگەری لەسەر حاڵەتی دەروونی هەبووە.

هەر لەو دەمەوە دایکی وەک سەرچاوەی سۆزی کە لە هەڵسوکەوتدا جیاوازی لەگەڵ براکەی تریدا کردووە، هەمیشە بە دوو ڕووی جیاواز لە دایکی ڕوانیوە، یەک وەک ئەوەی بەسۆزترین مرۆڤە، سۆز و خۆشەویستی لێوە بینیوە، وەکوتریش هەر ئەو مرۆڤەیە بووەتە جێی ڕق و دڵەڕاوکێی لەگەڵ ژیانی دەوروبەریدا. ستریندبێرگ بە بەردەوامی لەبەرەی دژدا بووە، هەرگیز ڕەزامەندی خۆی لەسەر دەوروبەر و کۆمەڵگە نەداوە، بەڵکو بەردەوام بەدوای ئەو ڕاستییانەدا دەگەڕا کە گۆڕان لەگەڵ خۆیان دێنن، بۆیە هەمیشە لە ژێر کاریگەری تیورییەکانی داروین و ئەو بنچینە فەلسەفییانەی لە ڕێی ئەزموونی پەیڕەوکاری جۆراوجۆرەوە بوونەتە خاوەنی حەقیقەتێکی بێ کۆتایی، لەوانەش (ڕۆسۆ و زۆلا و نیتشە تا دەگاتە هیگڵ) بە بەردەوامی لە گۆڕینی تێکچووەکاندا گفت و گوتاری هەبووە، ئامانجی هەموو چالاکییە ئەدەبی و زانستییەکانی بە ئیرادەیەک بووە، دەیویست ماترییالە تێکشکاوەکان بگۆڕێت بە ئاڵتوون و لە فەلسەفە بڕوا ئایینییەکەیدا دەڵێت: لەسەر بنەماکانی زانستی ماترییالیستی، ماتریال دەگۆڕین بە ڕوح، یان لە درامادا دەیەوێت بابەتی تێکستەکە بگۆڕێت بە موزیک، بۆ ئەو ئامانجانەش چەندان قۆناغی بەرەو نوێکاری بڕیوە و گەیشتووەتە ئاستی شانۆکارانی نوێ و سەردەم. هەر لەو مەبەستەشدا لەسەر بنەمای فەلسەفی ڕۆژ و پێویست کارە درامییەکانی دادەڕشت، بابەتەکانی لە بێ بڕواییەوە، بۆ سۆسیالیستی، بەرەو دۆزەخ و بڕوا کاسۆلیکییەکە و هندۆس و بووزی بە شارەزاییەوە بڕی کردووە.

نووسەر لەم ناوەندانەدا بە ئەزموونی کارکردنی وەک گەدایەکی بڕوادار و بێ بڕوا قاڵ دەبوو، هەروەها لە خوێندنی زانستییەوە بەرەو ڕەگەزەکانی بیرکردنەوە سروشتییەکەی داروینەوە بۆ دنیای جادوو، بۆ ئەو بیرە فەلسەفییانەی سنووری سروشتیان دەبەزاند، لە فیزیکەوە بەرەو زانستی میتافیزیک. زۆر لە ڕەخنەگران ڕایان وابوو کە کارە ئەدەبییەکانی لە چیرۆکێکی درێژخایەنی خۆی پتر، هیچی تر نییە. بە گوێرەی ئەو نووسینە هەمەجۆرە ئەدەبی و زانستی و هونەرییانەی نووسیونی، لە هەموو نووسەرە شانۆییەکان لەوەی باسوخواستی خۆی دەنووسێتەوە دیارترە. ئاراکان زۆرن، لە دوا قۆناغی نووسینەکانیدا دەگەڕا بەدوای دۆزینەوەی

ئەو مرۆڤە سەردەمیانەی بە بەردەوامی بە ژیانی خۆیان نامۆن، تەنانەت لە کارە ڕۆمانسییەکانیشیدا پڕ بوو لە دڵەڕاوکێ. (دراماکانی لە شێوازدا ناتورالیست و ڕۆمانتیک، هەروەها ئێکسپرێشنیزم (تەعبیری) بوون. لە دارشتنی ناوەرۆکی نێوان شیعر و پەخشان و لە فۆرمی نێوان شانۆیی کورت و یەک پەردەیی و شانۆیی دوورودرێژدا، هێماگەلی بوون. بابەتەکانیشی هەر لە چیرۆکی ئەفسانەیی بگرە، تا دەگاتە تراژیدیای مێژوویی هەڵدەچنی. لەپاڵ ئەو بەرهەمە هێماگەلیانەی تا سەر ئێسقان کەسێنی بوون، زۆر لە ڕووداوەکانیش نهێنی سەدەکانی ناوەڕاستی گرتبووە خۆ، ئەوەی ستریندبێرگ لە بەرهەمەکانی خۆیدا دانی پێدا دەنێ لە هی جان جاک ڕۆسۆ بێ پەردەترە، باسی سروشتی کەسێنی و هەمیشە گۆڕاوی خۆی دەکات، (ڕۆژێک وەک بۆرژوایەک و ڕۆژێکی تر وەک مرۆڤێکی بێ دەربەست و هەندی جاریش وەک دیندارێکی پەرستگانشین و لە هەندێکی تردا مرۆڤێکی دڵنەرم و جارجاریش دڵڕەق دەردەکەوێ)(١). لە ناو پشێوی ئەم حاڵەتە جیاوازانەدا ململانێیەک بە زەقی لە ژیانیدا دەکەوێتە بەر چاو و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم بابەتەش لە کێشە خێزانییەکەی و شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

تێکستی شانۆیی باوک

ستریندبێرگ ئەم تێکستە شانۆییەی لە ساڵی ١٨٨٧دا نووسیوە، مانای وایە لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا وەک نووسین بەرهەم هاتووە. بەر لەوەی لە کەسایەتی و ڕووداوەکانی تێکستەکە بدوێین، بە شێوەیەکی گشتی چەند گوتنێک هەیە پێویستن، شانۆییەکە سەد لە سەد ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی نووسەر خۆیەتی و ململانێکەش لە واقیعدا بەردەوامیدانە بە دەسەڵات. ئەم ململانێیەش بەسەر دوو لایەندا دابەش بووە، لەنێوان ئەو گرێ دەروونی و دڕدۆنگی و گوماناوییەی کاپتن (ئەدۆلیف) وەک کارەکتەری یەکەمی کرۆک و چەقی داراماکەیە و پیاوێک ڕاستەوخۆ گوزارشت لە کارەکتەری نووسەر خۆی دەکات، بەرانبەر بە(لاورا)ی ژنی کە دایکی (بێرتا)ی کچە تاقانەکەیەتی، کێشە و گرفتەکانی نێو ئەم دراما یە گەلێک چڵوپۆیان لێ دەبێتەوە، بابەت و کێشە سەرەکییەکەی ئەم تێکستە لەگەڵ ئەوەی سەربوردەی ژیانی نووسەر خۆیەتی، بەڵام قسەی لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەش هەیە کە تاکەکان تووشی بیرکردنەوەی پڕ ئەندێشە دەکات، ئەو دەمەی کۆمەڵیش نا دروستانە باری پەروەردە و ڕۆشنبیری پیادە بکات، بێ گومان ئەو کۆمەڵگەیە بەلای دەرهاوێژەی پێچەوانەوەدا دەڕوات. لەلایەکی ترەوە ئەگەر وردتر بڕوانینە بابەتەکە بابەتێکی تراژیدیای بیرمەندێکی ئازاد نییە، ئەوەندەی تراژیدیای پیاوێکی ڕۆمانسییە، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان جۆرە جەنگێکە هیچی لەو ڕووداوە پڕ هەراو هوریایانە کەمتر نییە کە لە سەردەمی ڕۆمانسیەتدا ڕوویان داوە.

لەم شانۆییەدا وا چەسپاوە ململانێکە لەنێوان باوکێک وەک پیاو و ژنێک وەک دایک، ئەم ژن و مێردە ماوەی بیست ساڵ هاوسەرگیرییان کردووە و پێکەوە گوزەراون، بەڵام لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا ئەدۆلیفی کاپتن ژیانێکی سەخت و گوماناوی لەگەڵ لاورا بەڕێ کردووە، ئەم ژیانە دڕدۆنگی و گوماناوییە تووشی چەندان جۆر بیرکردنەوەی لابەلای کردووەتەوە و گرێی دەروونی لەلا دروست کردووە، ئەگەرچی لەسەرەتای ناسینی لاوراوە بەوپەڕی سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانییەوە وەک پاکیزەیەک هەستی بۆی هەبووە، پاشان بڕیاری هاوسەرگیرییان دا، بەڵام کێشەکان درێژەیان کێشا تا ئەو ئەندازەیەی لەسەر تەرزی واقیع ڕووداوەکانی تیکستەکە بوونە جەنگی نێوان دوو توخمی پیاو و ژن، وا دەردەکەوێ هەر یەک لەسەر ئاسۆی میکانیکییەتی توخمی خۆی هەڵسوکەوت دەکات و لەناو کارەکتەرەکانی تری شانۆییەکەدا هەریەک هەوڵ دەدات لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات.

کاتێک دەڵێین شانۆیی باوک ڕاستەوخۆ دەربڕینی ژیانی تایبەتی نووسەر خۆیەتی، هەڵبەتە دەبێ ئەوە بزانین کە نووسەر لە ماوەی ژیانیدا سێ جار هاوسەرگیری کردووە، دوا ژنیان کە (هاریپ بوس) بووە، تا دواساتەکانیشی لەگەڵی ناکۆک بووە، بۆیە تەنیا ساڵێک پێکەوە ماون. ئەم شانۆییە وەک مۆتەکە جۆرێک لە لۆجیکی ناوەوەی تێدایە، کە هەموو ئەو کەموکووڕییە دەرەکییانە لەلای سادە دەکاتەوە، بە بەردەوامیش پارێزگاری لەو لۆجیکە دەکات کە بە خەو دەیچێنێت و

لێ ناگەڕێت تا دەیگەیەنێتە لووتکەی ڕووخاندن. هەر ئەوەشە لە شانۆییەکەدا کە بە جەنگێکی نێوان ژن و پیاو هەژمار دەکرێت، لەلای کاپتنیش گازندەی جەنگەکە لە بە ئاگا بوونییەوە، یان لە بێ ئاگاییەوە بێت دەیخاتە ئەستۆی لاورای خێزانی، بۆیە پێی وایە هەر ئافرەتێک لەو جیهانەدا هەیە خۆپەرستە، یان ستەمکار و زۆرداره، لە کۆتاییشدا دەبێتە دوژمنی پیاو. نووسەر لەسەر تێڕامانی بۆ لاورا گەلێک ڕاڕایە، ئایا کەسایەتییەکی زۆرداری بە ئاگایە؟ یان یاگۆیانە گومان لە کوێدا دەچێنێت؟ لەوەشە مرۆڤێکی گەلێ چەپەڵ بێ، بەبێ ئەوەی خۆی بێت لە تاوانێک نزیک دەبێتەوە کە یاسا ناتوانێت دەستگیری بکات.

نووسەر بە مەبەستی ئەوەی ململانێکە باشتر و گونجاوتر لە ڕووداوەکاندا بتەنێت، کێشەیەکی جەوهەری لەنێوان ئەدۆلیفی کاپتن و لاورای خێزانی لەسەر چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی دوارۆژی بیرتای کچیان دێنێتە ئاراوە. هەر لە سەرەتای شانۆییەکەوە کێشەی زانینی باوکی ڕاستەقینەی منداڵێک دێتە نێو شانۆییەکەوە، بۆ بە گرنگی وەرگرتنی ئەو بابەتە ئەوەتا لەسەر سکپڕبوونی کارەکەرێکیان لەلایەن (نۆیدی) سەربازێکی پیادەوە دەکاتە دەستپێکی ململانێکە، کەواتە ئەم جۆرە کێشە کۆمەڵایەتییانە لێرەو لەوێ هەبووە، بۆیە نووسەر ئەم بابەتەی بە گرنگییەوە وەک جەوهەری ململانێکە دارشتووە و خواست و فیکری خۆشی لەسەر هەڵچنیوە. ستریندبێرگی نووسەر بە مەبەست ماڵەکەی کاپتنی پڕ کردووە لە چەندان جۆرە ئافرەت، تا بتوانێت کۆمەڵێک ڕای جیاوازی ئافرەتان لەسەر یەک بابەت کۆبکاتەوە، ئەویش بریتییە لە چۆنیەتی بەردەوامیدان بە ژیانی بێرتای کچیان کە لە حەقیقەتدا تەنیا خۆی بە خاوەنی ئەو بڕیارە دەزانێت. ئەوەتا کاپتن لە دیالۆگێکدا ئاشکرای دەکات و دەڵێت: (خەسووم دەیەوێت کچەکەم ئافرەتێکی ڕوحی بێت، لاورا دەیەوێت لەپاڵ بڕوای ئایینیدا ببێتە مامۆستای هونەر، مارگرێتی دایەنیشم دەیەوێت بە بڕوای ئایینی پەروەردە بکرێت، کارەکەرەکان ئارەزوومەندن بەوەی لە ڕیزەکانی سەربازیدا خاوەن پلە و پایەدار بێت)، بەڵام کاپتن بڕیاری وایە کە بیرتای کچی لە گوندەوە بگوێزێتەوە شارو لەوێ گرنگی بە خوێندن بدات، بەلای کەمەوە ببێتە مامۆستایەک کە بۆ دوارۆژ ئەگەر بێتو شوو بکات، یان هەروا بمێنێتەوە بە کەڵکی بێت، تەواوی ڕووداو و پێوەندییەکانی نێو شانۆییەکە لەسەر ئەم بابەتە هەڵچنراوە.

وێنای کارەکتەرە دیارەکانی ئەم شانۆییەی باوک

بێ لە کاپتن و لاورای ژن و مێرد و بێرتای کچیان، قەشەی برای لاورا هەیە، ناوبەناو بەرتانە و تەشەر دەکەوێت، ئەویش بە هۆی بڕوا ئایینییەکەیەوە، بەڵام کەسایەتییەکی پەسەندیشە بە هۆی ئەو سۆزدارییە پیاوانییەی بەرانبەر بە کاپتن هەیەتی.

ئەدۆلیفی باوک ئەفسەرێکی بەهێزی سوارچاک بووە، لە پاڵ ئەو کارەشی کەسێکی ڕۆشنبیر و زانستکار بوو، گرنگییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەدا، لە سەرەتادا کەسێکی بێ بڕوای ئایینی بوو، زۆری نەبرد لە لایەن (کارل داهتروم)ەوە گوترا کە دەرهاوێژە کۆمەڵایەتییەکان وایان لێکرد بە ترس و گومانی دەروونییەوە لە ژیان بڕوانێت. لە ڕێی پەروەردەکردنی بیرتای کچییەوە مەبەستی بوو ئیرادەی خۆی بسەپێنێت و نەمرووودی خۆی وەک کەسێکی خاوەن دەسەڵات و زانستکار لە ژیانی ئایندەی ئەودا درێژە پێ بدات.

مارگرێتی دایەنی ئەدۆلیف لە هەموو ئافرەتەکان سۆزدارترە، لەبەر ئەوەی لە هەموان دایکدارتربووە، بەڵام لە بڕوا ئایینییەکانیدا زۆر توندڕەو و قێزەونە، بەردەوام لە ڕووی سۆزدارییەوە گرنگی بە بارودۆخی ژیانی ئەدۆلیف (کاپتن) دەدا، بەڵام هێشتا نەیتوانی وەک ئافرەتێک لە سروشتی غەریزەکەی دەرباز ببێت، ئەوەتا بەلای دوژمن و نەیارانی کاپتندا بای دایەوە و لە کۆتایی شانۆییەکەدا بە قسەی کردن و گەورەترین لێدانی

کوشەندەی فێڵاوی لە کاپتن دا، ئەو دەمەی بە ڕووی نازەوە لەسەر داوای لاورا و ئەوان کراسی شێتی پێ پۆشی، بۆیە ئەدۆلیف هەمیشە بەچاوێکی قیزەونەوە دەیڕوانییە ئافرەت.

هەرچەند بێرتا لەو تەمەنە لاوێتییەیدا بڕوای بە خێو هەبوو، بەڵام هەمیشە لە نهۆمی سەرەوە نەنکیشی کتێبی ئایینی و بابەتەکانی خێو و تارمایی و جنی لەگەڵ دەخوێندەوە. هەموو ئەو ناز و خۆشەویستی و گرنگی پێدان و لاواندنەوەی ئەدۆلیفی باوکی لە کۆتایی شانۆکەدا نەیگەیاندە ئەوەی پشتی باوکی بەرانبەر بە دایکی بەرنەدا. دایکی بوو توانی بیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە باوکی تووشی جۆرێک لە نەخۆشی بووە، کاتێک پرسیارێکی بەرانبەر بە باوکی کردووە لەسەر ئەوەی گوایە بە تووڕەبوونەوە چراکەی گرتبێتە دایکی، بەبیستنی ئەم بابەتە لە کچەکەیەوە، زانی تازە کار لەکار ترازاوە و بێرتا پشتی دایکی دەگرێت، بۆیە شێتگیرانە دەمانچەی لێ ڕاکێشا تا بیکوژێت، بەو شێوەیە نیشانەی نا دروستی لەلای هەموان بەدەستەوەدا.

دوکتۆر ئێستێر مارک، لە سەرەتادا وەک دوکتۆری خێزانێکی لەو چەشنە بوونی هەبوو، ئەدۆلیفی پێ پیاوێکی شارەزا و زانستکاربوو، بەلای ئەوەوە توێژینەوە زانستییەکانی سوودبەخش بوون، بۆیە بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانی. کاتێک لاورا باسی ناسەقامگیری باری تەندروستی ئەدۆلیفی بۆ دەکرد، بە هیچ جۆرێک متمانەی پێ نەبوو، بەڵام لاورا لەسەر مەبەستەکەی خۆی بەردەوامی هەبوو، تا دوکتۆری گەیاندە ئەوەی، ئەو دەمەی نیشانەی شێتبوونی لێ بینی دەتوانێت دوا بڕیاری خۆی لەسەر بدات، بابەتی دەستوەشاندنەکەی ئەدۆلیف لە لاورا بووە هۆکاری سەرنج گۆڕینی.

ململانێی نێو شانۆیی باوک

بە شێوەیەکی گشتی وەک (بۆرکهارد) ئاماژەی پێ دەکات، (ململانێی نێو دراماکانی ستریندبێرگ ململانیی نێوان سۆز و ئەقڵ بووە، ئەمەش بە ڕوونی لە بەرهەمەکانیدا دیارە. مرۆڤ لە بەرهەمەکانیدا هەست بە جۆرێک لە دوودڵی دەکات لەنێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم، لەنێوان تاکڕەوی و کۆمەڵایەتی بوون، ئەم ململانێیە لە ژیانی ستریندبێرگ زۆر ترسناک بوو، ئەو لە دەروونەوە بە دەم ململانێی نێوان دوو هێزەوە دەتلایەوە، کە هەرگیز بە شێوەیەکی ببڕ و ڕێکوپێک ساغ نەکراوەتەوە، دیارە ئەمەش وای لە بەرهەمەکانی کردووە زیاتر تراژیدیانە بن)(٢). نموونەمان ململانێی نێو شانۆیی باوکە، کە هەر لەسەرەتاوە لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵاتە، ئەم ململانێیە لە دەمێکەوە لەنێوان ئەدۆلیفی باوک و لاورای دایک هەر بەردەوامی هەبووە، بەڵام کاتێک کێشەی پەروەردەکردنی بیرتای کچی کەوتە نێوانیان، ململانێکە گەیشتە لووتکە. دەسەڵات بەدەستهێنان لە ناو خێزانێکدا بە جەنگێکی ترسناک خەملێنراوە. دوو لایەنەی ململانێکە لەنێوان دوو توخمە مرۆییەکە دەرناچێت، بۆیە لە دەرەوەی ئەو کێشەیە هیچ پێوەندییەکی بە دژواری فیکرییەوە نییە، بە مەبەستی چڕکردنەوەی ململانێکە، هەر یەک لە بەرانبەر ئەوی تر هەوڵی جڵەوکێشکردنی ڕای کەسایەتییەکانی تر بەلای خۆی دەدا، ئاکامی ئەم پشتگیری کردنە هێندەی تر ململانێکە چڕتر دەکاتەوە.

لاورا هەموو جۆرە هەنگاوێکی ترسناکی لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی ئەدۆلیفی مێردی بە نەخشە دەهاویشت تا بیگەیەنێتە ئەوەی بڕوا بە دۆڕاندنی خۆی بهێنێت و چۆکی پێ بدات. دەمێک ڕێگری لە گەیشتنی پۆستەکانی دەکرد و هەر جارە و بە شێوەیەک لەگەڵ دوکتۆر و قەشەی برای دەدوا، بەو مەبەستەی بڕوا بەوە بهێنن گوایە دوکتۆر بەرەو شێتبوون دەچێت. دەزانێت تۆمەتبارکردنی بەوەی کە ئەقڵی لەدەست داوە و لەماڵدا هەڵسوکەوتی ناسروشتیانەیە، ئەوە دەبێتە تاکە ڕێی دوورخستنەوەی لە ماڵ و دەسەڵاتەکانی، بۆیە لە دوا بەشی کۆتاییدا بە هەواڵێکی پڕ گوماناوی گوایە پێی وانەبێت ئەو باوکی ڕاستەقینەی بێرتا بێت، لەبەر ئەوەی لەوەیە لەتەک پیاوێکی تردا جووت بووبێت، بەم هەواڵە پڕ شەرمەندەییە ئەدۆلیف دەخاتە داوی بێزاری و هەڵچونی دەروونی، دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی دەستی لێ بەرز بکاتەوە و بە ڕقێکی زۆرەوە چراکەی ئاراستە بکات.لە دیدی ئەدۆلیفەوە لاورا کەسێکی هاروهاج و ترسناک و بوختانچییە، هەر ئەو سیفەتانەش تووشی دۆڕاندن و بەزاندنی دەکات. ئەو دەمەی بە تەواوی دەکەوێتە تۆڕەکەوە، وەک جەنگاوەرێکی بریندار

تێـدەکـەوێت و هاوار دەکـات: (ئەوە هیـزێکی نەزان بەرانبـەر بە هێـزێکی لاوازی زۆردار بووەوەو کـەوت)، هەرچەند لە بەرانبـــەر بوونەوە بەردەوام بوو، بەڵام بە ڕوونی ئەوە دەرکەوت کـە لاوازییـەکـەیەتی تووشی ئەو ستەمەی دەکات.

ئەم شـانۆیە بە لۆجیکێکی پڕ سـەمـەرە بەردەوامی بە ڕووداوەکـــان دەدات، ئـەوەتا لەگـــەڵ هەمـــوو ئەو بەرانبەربوونەوەیەی لەگەڵ ئافرەتدا هەیەتی، لە کۆتاییدا زۆر بە پەرۆشـەوە داوا دەکـات سـەربخـاتە سـەر ڕانی ئافـرەتێک، ئەگەر ئەو ئافرەتە دۆستێک، یان دایکێک بێت، بەڵام هەڵبەتە ئامێزی دایک سۆزدارترە. گەڕانەوەی ئەدۆلیف بۆ سۆزداری ئافرەت لە سەرەتای خۆشەویستی بۆ دایک و دایەنەکەیەتی.

ئەدۆلیف هەڵگری ململانێیـەکی شـاراوەی دەروونی سـەخـتی دوو لایەنەیە، لەلایەک مـەیلی زۆری بۆ خۆشەویستی، لەلاکەی تریشەوە دژ بە توخمەکەی تر، هەڵبـەتە نایەوێت دان بەو دوانەدا بنێت، ئەمـەشی لەو تیورەی هیگڵەوە وەرگرتووە کە بریتییە لە (تیوری بڕوای لەدایک بوون). لە بەردەوامی ڕووداوەکـاندا ململانێکە بەرەو ئەوە دەچێت بە ڕوونی هەست بە جیـاوازی نێـوان پیـاوێکی خـاوەن بیـرکـردنەوەیەکی ئازاد و ئەقـڵانی و ئافـرەتێکی نا تێگەیشـتـووی بڕوادار بە خورافـیـات و جادوو، لەژێر کـاریگەری تەوژمی ڕق و کـینە لە دڵ، بە هەموو شێوەیەکی دڕدۆنگانە نەخشـەی شکسـتهـێنان بۆ پیـاوەکـەی دادەڕێژێت، ئاکـامی ململانێکە چۆکـدادان و شکســتــهـێنانە بە ئەدۆلیـفی کـاپتن، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە مـاڵەکە بووەتە جێی گاڵتەجاڕیی ئافرەتان و لەولاشـەوە زۆرینەی پیـاوەکـان لەبەر پابەندبوونیـان بە دابونەریت ناتوانن شیکردنەوەکانی کاپتن لەسەر ئافرەت وەرگرن. ئەم دابەشبوونە دوولایەنەش لە کارەکتەرەکانی شـانۆییـەکـەدا، لە بەرژەوەندی خـواستی نووسـەرە، لەو دەمـەدا دەتوانێت هەڵوێست بەرانبـەر بە لایەکـیـان کـە ئافـرەتە بەڕوونی وەربگرێت، جیـاوازتر لەو نووسـەرانەی سەردەمی خۆی، تەنیا بۆ نموونە (هەنریک ئیبسنی)ـە کە ئەو بە پێـوەری تر حـوکـمی بەسـەردا داون و بڕوای بە ئازادی توخمی ئافرەت هەبووە.

شانۆیی باوک لەسەر شانۆی کوردستان

دەسـتپێکی فـیگۆری نمایشی شـانۆیی باوک و هەمـوو ئەو چالاکییە هونەرییانەی لە ئاکامدا ئێمەی وەک بینەر هاویشـتـە دنیـای شـانۆیەکی ناتورالیـزم، ڕووداوەکـەی نیـمچـە ژیاننامـەیەکی نووسـەر خۆیەتی و بەشێکی تری گرنگە لە قۆناغێکی هەستیاری ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییە مێـژوویـیەکـە، لەلای ڕێژیسـۆر (دەرهێنەر) پێـویسـتـە بێ لەو دەسـتە هونەرمەندە ئەکادیمیانەی پرۆفیشنالانە ئەرکی نواندنیـان جـێـبـەجێ کـرد، ئامـاژە بە تێکڕای ئەو هونەرمەندانەش بدرێت، وەک سینۆگرافیست و موزیک و ڕووناکی و جلوبەرگ و تەواوی کـارە هونەرییـەکـان، کـە هاوکار و تەواوکاری دوا پۆستەری نمایشەکە دەبن، پاشان پێکەوە دەتوانن مـاڵی شـانۆییـەکی سـتـریندبێـرگـمـان لە هەولێر و سلێمانی بۆ ئاوەدان بکەنەوە.

پێـمـان وا نەبێت هەمـوو پانۆرامایەکی نووسین لەسـەر شـانۆییـەک دادەچۆڕێتـە سـەنتـەری ڕەخنەوە، توێژەر پاش بینینی نمایشـــەکـــە و تـاووتـوکـــردنی هاوڕاز لەگـــەڵ تێگەیشتنی بۆ هێڵە گشتییەکەی ڕێژیسۆر (دەرهێنەر) و گـەڕانەوە بـۆ ئەو مـێـژووەی نووسـەر کـە بیـر و بۆچوونە ڕادیکاڵییـەکانی لە ڕێی نووسینەوە، بە ئاراستە کراوی گـوتاری تێـدا بـووە، ئەمـە زەروریەتێکی تێگەیشـتـنمـانە زەمـینەی شـانۆییـەکـە بە گـشـتی بۆ ئەو گـوتارەی مەبەستمانە، پاشان پرسیارێک: ئایا مەبەستی ڕێژیسۆر گواستنەوەی مێژوویەکە بە هەڵگرتنی هەموو ڕەمزیەتێکی فـەلسـەفی و واقـیـعی ڕۆژانی خۆی، یان بە دیدگـایەکی لێکچوو لەگەڵ چەمکێکی گرێدراوی ئەمـڕۆ بە خواستی گـونجـاندنی، بۆمـان نمایش دەکـاتەوە؟ بێ گـومـان لە پێکدادانەوەی زەمـەنەکـاندا پرسـیـارگـەلێک لە ئاکـامی نمایشەکە ڕووبەڕووی ڕێژیسۆر دەبێتەوە.

چڕکردنەوەی بینراو و بیستراوی شانۆییەکە، نیشانەی ئەوەیە هونەری ڕێژیسۆر و نواندن گەیەنراوەتە ئاستێکی بەرز، بەڵام لەوەی شانۆییەکی ناتوریالیزمی بگوێزینەوە، ئەمڕۆی مۆدێرن بە هەمان ئاراستەی چڕ بە کردە دراماییەکە، پاڵپشت بە سینۆگرافیای بارە گشتییەکە، ڕێی تێدەچێت بەشێک لەو میتود و تێگەیشتنە سەردەمییانە بە خودی شانۆییەکە نامۆ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا زەمەنێکە شانۆی کوردی لێرەو لەوێ ڕووبەڕووی ئەم جۆرە شانۆییە مێژوویی و فرە ڕەهەندانە بووەتەوە، بۆیە پرۆسەکە هێندەش بارگرانیمان لەلا دروست ناکات. سەردەمی خۆشی کۆمەڵێک ڕەخنەگر هەبوون لەوانەیە هەڵسەنگاندنەکانیان تێڕوانینێکی سەرپێییان بۆ شانۆییەکانی ستریندبێرگ هەبووبێ، دواتر هۆکارەکانیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە مەبەست و ئامانجی بیرۆکە تازەکانی نووسەر دەربارەی ناتورالیزم نەگەیشتبوون، بەڵام دواتر لەسەدەی بیستەمدا ڕەخنەگرە ئەڵمانییەکان بە گەورەیی و بایەخەوە کاریگەریەتی ستریندبێرگیان بەسەر درامای ئەڵمانییەوە دەنرخاند.

ئێمەی نووسەر و بینەری شانۆیی باوکیش ئەگەر ڕایەکمان هەبێت گرنگ ئەوەیە سەرپێیانە هەڵسەنگاندنمان بۆ ئەم کارە شانۆییەی ستریندبێرگ و هەوڵەکانی سدیق عەزیزی هونەرمەند وەک ڕێژیسۆر نەبێت. سەرەتا پێویستە هەڵبژاردنەکەی ڕێژیسۆر (دەرهێنەر) کە شانۆیی یەکێک لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی (ناتورالیزمی) هەڵبژاردووە بنرخێنین. باسمان لەسەر گرنگی تێکست و چۆنیەتی دارشتنەکە کردووە، بەڵام کە دەچینە سەر گفتوگۆ لەگەڵ ئەرگۆمینت و ماندوبوونی بەشداربوانی ئەم کارە درامییە، بەر لە هەموو دید و سەرنجێک، پێویستە دەرک بەوە بکەین شانۆییەکە شانۆییەکی دیالۆگییە، نووسەر لەسەر ئەم شێوازە کەسایەتی و ژیانیانی دارشتووە. لەوێوە لە دووتوێی زمان و ئاخافتنەوە، بەکارهاتووەکان و ململانێکە پێکەوە پێچراونەتەوە، کەواتە پێویستە لە سەرەتاوە بە گوێرەی گرنگی، قسەمان لەسەر دیالۆگ و ئاخافتن هەبێ. دیالۆگ وەک یەکەیەکی هێزە دراماتیکییەکە دارشتنی شانۆنامەکەی لە ئەستۆ گرتووە و زۆر بە ڕێکوپێکی هەموو مشتومڕ و گفتوگۆیەکی لەخۆ گرتووە. هەر لەڕێی دیالۆگەوە درک بە گواستنەوەی کارەکتەری ئەدۆلیفی کاپتن لە ئەقڵانییەتەوە بەرەو ناجێگیربوونی ئەقڵی دەکەین، ئەم گواستنەوەیەش کایەیەکی هەروا سانا نییە، بەڵکو بە دژواری هەموو ئەو جۆرە دیالۆگە تەنراوە فۆرمیە و هەموو ئەو مانا دەروونییە ڕووخاوە شاراوەیەی کە زۆر لێکدانەوەی قووڵ هەڵدەگرێت تێپەڕاندووە. ئەرکی دیالۆگە هەموو ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژی و خودگەرایانەی کارەکتەرەکان دەربخات. هەڵبەتە بەرجەستەکردنی هەموو ئەو کاریگەرییانەی لە مانای دیالۆگەکانەوە زیندوون و بەبەر ئەکتەردا دەکرێن بەر لە هەموو کاریگەرییەکی تر، هێزی نواندنێتی، ئەو ئەکتەرەی لە شانۆیی باوکدا بتوانێت زیادەڕۆیی لە دەرخستنی نهێنییەکانی دەروونی کارەکتەرەکەی بکات، مانای وایە ئامانجی سەرەکی نووسەری گەیاندووە. ئەکتەرەکانی بەردەست سدیق عەزیزی ڕێژیسۆر هەریەکەیان بە ئەندازەی جودا کەوتبوونە نێو ژیانی ئاسایی کارەکتەرەکانیانەوە و ئەوان یەکەم هۆکاری سەرکەوتنی کرۆکی دراماکە بوون.

لە دیمەنە جیاجیاکاندا بەشێوەیەکی ئیستێتیکانە بەردەوام دەرخەری دیوە جیاوازەکانی دەروونی و پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوانیان بوون، بەتایبەت ئەدۆلیفی پیاو و لاورای ژن. من وەک بینەر هەستم بەوە کرد دەرهێنەر ئەو ئازادییەی بە هەموو ئەکتەرەکانی دابوو کە بە تیگەیشتنەوە ماف بە دەربڕینی هەستی ناوەوەی کارەکتەرەکەی خۆیان بدەن، بۆیە وێنەی دیمەنەکان وەک هونەرمەندێکی نیگارکێش بە خەیاڵێکی تێکەڵ بە ڕەنگەکان دەیبردینەوە بۆ ئەو زەمەنە ڕۆیشتووەی وەک واقیع لێمانەوە دووره. لە کوێی ئەم نمایشی شانۆییەدا دەتوانین ئەو پێوەرە پێشەنگە شۆڕشگێڕییەی ستریندبێرگ دووپات بکەینەوە؟ جدییەتی نمایش لەسەر پەیڕەوکردنی ئەخلاقیەت و مەکانیەتی کارەکتەر و ڕەچاوکردنی خواست و چارەنووسی پاڵەوانەکانی ماکینەیەکی ڕۆشنبیری گەرەکە، تا بینەر بگەیەنێتە ئەو یەقینەی حاڵەتەکان ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرن و هزر و لێکدانەوەی بینەر لەو ڕوانگەیەوە دەکاتە سەنگی مەحەک.

ئەو ئاماژانەی لە زەمەنی ڕووداوەکانەوە بە توانایی ئەکتەر لە نمایشەکەدا بە جۆرێک گوێزرانەوە بینەری لە حاڵەتێکی ناتەبادا جێ نەهێشت، بەڵکو لە وەرگرتنەوە

هەستمان بە هەموو دەرخستنەکانی ڕێژیسۆر دەکرد. هەریەک لە دوو ئەکتەرە سەرەکییەکە کاپتن و لاورای خێزانی دوو کارەکتەری سەرسەختن، کەسیان بۆ ئەوی تر دانایەت و درێژەی ململانێکە لەسەر ئەو تەنگوچەڵەمانە دەکرێتە مشتومڕەکانی نێوانیان. هەڵبەتە بزوێنەرە درامییەکە لەسەر ئەو ململانێیە بنیاد دەنرێت، ئا لەوێوە وەرگر، یان بینەر دەبێتە چاودێرێک و بەبەردەوام چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی چارەنووس و سەپاندنی دوا بڕیارە. لێرەدا ڕێژیسۆر پەی بە هەموو وردەکارییەکانی هەردوو جۆرە ململانێکان بردووە، ململانیی نێوان کارەکتەرەکان و ململانێی کارەکتەر لەگەڵ خودی خۆیدا، ئەگەر بهاتایە و باری هەلومەرجی ڕووداوەکانی ناو شانۆییەکەی لە ڕێی نواندنەوە بەرجەستە نەکردایە، ئەو دەمە دەمانتوانی بڵێین، ڕێژیسۆر حسابی بۆ بەهێزترین ڕەگەزی ناو شانۆییەکەی نەکردووە کە بریتییە لە دیالۆگ. تێگەیشتنمان لە مانای دەسەڵات لە شانۆیی باوکدا، دەمانباتەوە بۆ وێنای جووڵە و دەربڕینی کەسایەتییەکان، بۆ نموونە (دەسەڵات لەلای کاپتن بە مانای پاراستن و بەردەوامی پێدانیەتی، بەڵام لەلای لاورا کار بۆ بەدەستهێنانی دەکات). جیاوازییەکان جۆری نەخشی کارەکتەرەکانیشی جیاواز وێنا کردووە. بەڵێ ستریندبێرگ لە دەستاو دەستکردن و خوڵقاندنی ماناکانی گۆڕان و تەسلیم نەبوون، شانۆی بەرەو ئاقارێکی هاوچەرخانەی خۆیی و شۆڕشگێڕانە بردووە.

ڕێژیسۆر لەسەر ئەو جیاوازییە پانتایی شانۆی بە جووڵە و ئاماژەکان خەملاندبوو (جۆری جووڵەکانی ناو دراماکە و هەنگاونان و بزواندنە ئەندازە و هەندەسییەکانی ئەکتەریش باسێکی ترە). پێم وایە بابەتی بڕوای ئایینی و کاریگەری کڵێسا و بوونی قەشە و هەموو ئەو بۆچوونە ئەفسووناوی و جادوو و خێوانەی لیرەو لەوێ هێنرابوونە نێو شانۆییەکەوە، وەک پێویست نەتوانرابوو لۆجیکیانە پۆلێن بکرێنەوە. قەبارەی ئەو باسوخواسانە گەلێک لەوە پتر کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان هەبووە، پیرەژنی دایەن هەرچەند لەڕووی کاریگەرییەوە (بێ لەوەی بەشێکی یەکلاکەرەوەی کۆتایی ململانێکەی وەک ئامرازێک پێ سپێررابوو)، بە لاوازی ڕۆڵی لە نەخشی دراماکەدا دەردەکەوت، ئەگەر تێبینی بکەین بڕواداریە ئایینییەکەی لەسەروو پیشە سەرەکییەکەی خۆیەوە بوو، واتە دەبوایە ڕێژیسۆر سەنگینتر لەو دوو ڕووە جیاوازەوە تێی ڕوانیایە، لەبەر ئەوەی بوونی ئەم دایەنە هونەرێکە کە بەشێکی گەورەی چارەسەری شانۆییەکەی لە ئەستۆ نراوە، هەرواش قسەمان بۆ قەشە هەیە، پێویست بوو سروشتی کارەکتەری قەشە لە کاوەخۆیی و زاڵبوونی (شخصية مسيطرة) پتر دەربکەوتایە، پاشان نیگامان بۆ ئەو پۆشاکەی جەستەی پۆشیوە، نیگەرانیمان لە توانایی کارەکتەری قەشە نییە وەک توانایی ئەکتەرێک، ئەوەندەی تێگەیشتن لەسەر ڕۆڵی کارەکتەری قەشە خۆیەتی لەلایەن نووسەرەوە و دەرکەوتنی لەلای کارەکەی ڕێژیسۆرەوە، زەمەنی شانۆییەکە لە سەردەمی دەستەبالایی کڵێساوە داکەوتووە، بۆیە پیاوە ئایینییەکانیشیان هەیمەنەی بڕوا ئایینییەکەیان نیشان دەدات. دوکتۆر لە خانەوادە ئەروستۆکراتییەکاندا بوونی پێویست بووە، بۆیە لەم شانۆییەی باوکیشدا گرنگی خۆی هەیە، لێرەدا بووەتە بەشێک لە بنیادنرانی چارەسەری شانۆییەکە، ئەم کارەکتەرە لە ڕووی زانستەوە پێویستی بە دووڕوویی و ناسەقامگیری نییە، بەڵام پاش ئەوەی لاورا بەڵگەی شێتبوونی کاپتنی پێ ڕادەگەیەنێت، زۆر بە دەستوبرد دەچێتە پاڵ نەخشەکەی ئەوەوە. ئەم شێوازە لە ڕووی گراماتۆلۆژیاوە دەکەوێتە بەر ڕەخنە، زۆر دەستوبردانە جیاوازییەکان یەکلا دەکاتەوە، هەر ئەوەش ئەکتەرەکەی لە ئەدادا ڕووبەڕووی جۆرە شڵەژاندنێک کردووەتەوە. کاتێک دەڵێین شانۆیی باوک شانۆییەکی حیوارییە، بە مانای ئەوە دێت زمان بنیادی ناوکۆی کارەکتەرەکانە، لە ڕێی پانتایی زمانەوە هەموو کارەکتەرەکان دەرهاوێژەی دراماکە کراون، ئەرکی دەرهێنەرە لە گرنگی زمانەوە گوتار و ڕووداوەکان شیبکاتەوە و بنیادی کارەکتەری تێدا بدۆزێتەوە، هەر ڕووداوە ئاماژەی شوێنی تایبەتی خۆی دەکات بۆ نواندن، واتە گرنگی شوێن دیارترین پێوەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی تێکستەکە، هەندێک جار لەم نمایشەدا بەبۆنەی ئەو نەگونجاوییەی شوێنەوە جووڵە بینراوەکان حاڵەتەکەی بەتەواوی بەرجەستە نەدەکرد، دەکرا نموونەشمان لە نمایشەکە بهێنایەتەوە، بەڵام توخمە هونەرییەکانی تر تەواو ئەو کەلێنانەیان داپۆشیبوو.

لە نمایشی باوکدا ڕەنگەکان واتا (ئاوێتە فەلسەفی و

ڕەهەندە جیاوازەکان و زەمەنی ڕووداو و ڕەگەزی ململانێ دەروونی و تێکڕای فەزای سینۆگرافییەکە دەگەیەنێت) کۆکردنەوەیان بە شێوەیەکی هاڕمۆنی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر خوڵقاندنی ڕیتم و بارە دەروونییە گشتییە داراماتیکییەکە هەیە. لەم نمایشەدا شێواز و چۆنیەتی ڕایەڵەی ئەو ڕەنگانە بەردەوام لەسەر جەستە و زمانی ئەکتەر و یەکەی هەستی بینینی وەرگر و بینەر لە سەر ڕووی ڕاستەقینەی دەرخستەی بنیادەکان زۆر زانستییانە دیاربوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە هاوبەشەی نێوان دەرهێنەر و سینۆگرافیست (کە پاشان وردتر دێمە سەرباسکردنی). ئەو دەمەی لاسەنگییەکیش لەنێوان نمایش و وەرگردا دروست دەبێ، واتە ئەشکالیەتێک لە زیهنیەتی دەرهێنەردا دەرهەق بە تێگەیشتنی بۆ کۆی پرۆسەکە هەیە. منی بینەر لەگەڵ بەراوردکردنی عەلامەتەکانی هۆڵ و تەختە و فەزای شانۆ لەگەڵ ئەو ڕێڕەوانەی چارەسەری گرێوگۆڵی ململانێکە و ئەو چێژەی لە ئاکامی نمایشەکە هەبوو، تووشی ئەو ئەشکالیەتەی نەکردم، دووبارە دەپرسینەوە بۆ؟ لەبەر ئەوەی ستریندبێرگ لە پێشەکی شانۆییەکەیدا وێنەی هەندەسی دیکۆرەکەی بە هەموو مانایەکی تێکستەکە کێشاوە، بەڵام دیسانەوە لێرە لەسەر شانۆی کوردستاندا دەگەڕێینەوە سەر مومکین و توانایی دەستەبەرکردنی پێویستییە شانۆییەکان، ئەمەش بەو مانایە نایەت ڕێژیسۆر لە چارەسەر کردنیدا دەستەوسان ببێت، لەو کاتانەدا ناچارە پەنا بۆ بەر شارەزایی و لێهاتوویی سینۆگرافیست بەرێت. چانسێکی تری دەرهێنەر بۆ چارەسەری ئەو بابەتانە بوونی سینۆگرافیستێکی لێهاتوو و خاوەن ئەزموونە لە ستافەکەیدا، سەلیقەی ئەو لەوەدا دەردەکەوێت، چۆن بتوانێت مالی پیاوێکی ئەروستۆکراتی سەربازی و زانستکار بە هەموو دیکۆر و ئێکسسواریکەوە بگۆڕێتە سەر مانایەکی تری خەملاندن، سەرچاوەی ئەو خەملاندنەش وەک لەسەر زمانی نووسەر خۆی هاتووە و دەڵێت (نازانم ئەگەر شانۆیی باوک دۆزینەوەیەکی نوێیە، یان ژیانی خۆم هەروایە؟ ئەوەش لەکاتێکی تایبەتدا ڕوون و ئاشکرا دەبێت و زۆر دووریش نییە ئەو دەمە لە ئازاری ویژدانەوە وەک شێتێک تێک دەشکێم، یان تووشی خودکوژی دەبم).

من وای بۆ دەچم سینۆگرافیست بە گوێرەی ئەو چارەسەرییانەی لە کلێشە سادەکەی سەر دیواری شانۆ و پڕکردنەوەی فەزای سەرشانۆ بە ڕەنگی ڕووناکی و دیاریکردنی دەرگای هاتوچۆی کارەکتەر و جێی حەوانەوە و کار و یەکبینینەکان، بە ڕوئیایەکی تێکشکاوانەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی دراماکەیە، کە ناوونیشانێکە و هەڵگری هێمای قەسیدەیەکی بێهودەییە لەم ماڵەدا داڕێژراوە، وەک ئەوەی لەسەر زمانی ستریندبێرگ خۆیەوە هاتووە. ئامانجی نووسەریش لە داڕشتنی ئەم قەسیدە بێهودەییە لە درامایەکی تەواوی وەک باوکدا، تەنیا بەتاڵ کردنەوەی هەموو ئەو دەمارگیرییەیە لە ژیانی خۆیدا تووشی بووە. سینۆگرافیست گەیشتووەتە ئەو تێگەیشتنەی لە هەموو پێداویستییە دەرماڵەییە دامەزراو و پێویستەکانی کاپتنێک دایاڵێت و لە مانا ئەروستۆکراتیەکەشی بەتاڵ کاتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا یارمەتی نزیکبوونەوەی زەمەنی ڕووداو بە زەمەنی نمایشیش دەگەیەنێت بەبێ ئەوەی نامۆبوونێک گومان ببرێت. لەگەڵ ئەوانەشدا سینۆگرافیست هەموو ئەو بەرتەسکییەی لە کات و شوێن و پێویستییە بەردەستییەکان هەیبوو، دەیتوانی بە هێمای شوێنی تایبەت بە مۆراڵی زانستییانەی کارەکتەری ئەدۆلیفی دەرخستایە، وەک ئەوەی پاڵتۆ ئاڵتوونییەکەی نیشانەی پلە و پایە سەربازییەکەی بوو. ئەوی ئەرکی قورسی سینۆگرافیستەکەیە نزیک بوونەوەی ئەکتەرە لە باری دەروونی و ناوەڕۆکی مانا فیکری و ئەندێشەکانیان بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ڕێژی، ئا لێرەدا پرۆفیشنالانە لەگەڵ خواستی نووسەریش یەک دەگرنەوە کە یەکێک لە نهێنییە گرنگەکانی بریتییە لە ڕاگرتنی باڵانس لەنێوان دوو لایەنەی ململانێ چەقیوەکە، دەرەنجام دەتوانین وەک بینەر بڵێین شوناسی نمایشەکە بە کارە سادە و شایستەییەکانی سینۆگرافیستەکە پەیام و فۆرمی دراماکەی لەلای دەرهێنەر تەواو کردووە.

وەک ئەوەی نووسەر لە شێوازی داڕشتنی شانۆییەکەیدا دەستبەرداری هونەی سێینەی داڕشتنە کلاسیکییەکە نەبووە، هەر بەو دەستوورە ڕووداو و ململانیکانی لە سەرەتایەکەوە بەرەو ناوەندێکی بەیەکدا چوون، پاشان کۆتاییهێنانی هەموو گرژی و ئاڵۆزییەکانی دراماکەی بە ئەنجام گەیاندووە، یان یەکلای

کردوونەتەوە. بە حوکمی ئەوەی کات و شوێن و جۆری ڕووداو و حاڵەتەکان دەرخەری هەموو هێزێکی نواندنن، بەواتای ئەوە دێت هەر ئەم توخمانەشن جۆری ڕیتمی دراماکە بنیاد دەنێن و بۆ خۆشی دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکی یاریدەدەر لە گەیاندن و تێگەیشتنی بینەر، هەر لێرەدا ڕێژیسۆر موزیکی کردبووە بەشێک لە پشتگیری کردنی باری دەروونی کارەکتەرەکان، پێموایە هەڵبژاردنەکانی بە گونجاوی پێکەوە لە ماڵی چارەسەری گشتیدا کۆکردبوونەوە و هەموو وەک تەواوکەری یەک لەنێوان وشە و کردە و ڕەنگ و ڕیتمی دراماکە، نمایشەکەی بە سەرکەوتوویی لێ بەرهەم هێنرابوو.

لە ئاکامی ئەم شرۆڤەکاری و وردبینییانەم، ڕێژیسۆر منی گەیاندووەتە ئەو یەقینەی بتوانم بڵێم: دەرهێنەر لەسەر شێوازی ئەو گریمانە ڕیژیسۆرییە بە گوێرەی گرنگیدان بە یەکینەکانی (تێکست، ئەکتەر، ڕێژیسۆر) کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. هێزی گوتار لە ژیانەوەی کارەکتەر و دانەوەی لە توانایی ئەکتەردا پتر بەرجەستە دەبێت. ڕێژیش بە گوێرەی ئەو دابەشکردنە، ئەو دەمەی کاپتن لە دواساتەکانی ژیانیدا، توانایی ئاخافتن لە دەست دەدا، مانای وایە مردنی زمان گرنگی زیاترە لەوەی توانایی هێز و جەستە لەدەست بدات.

لە کۆتایی ئەم نووسینەمدا: لەدوای بینینی نمایشەکە لە شاری هەولێر، دەستبەجێ ئەم کۆمێنتەم بۆ یەکێک لە هونەرمەندە بەشداربووەکانی نمایشەکە نووسی:

بەڕاستی ڕەنگ و ڕواڵەتی ڕاستەقینەی شانۆی زانستی و ئەکادیمیستیتان گەڕاندەوە سەر تەختەی شانۆی کوردی، ئەو ماڵوێرانییەی لە چەندان نمایشی شانۆیی وڵاتەکەمدا لە ماوەی چەند ساڵێکدا بینیومە، نیگەرانی لەلام دروست کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ بە بینینی نمایشی شانۆییەکەتان (شانۆیی باوک) جارێکی تر کەژاوەی شانۆییەکی پڕ واتای ڕیالیزمی و نوێم پێکەوە بینی، کە گەڕانە بەدوای بنیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێی دوور لە بڕوا چەقبەستووەکان. بە جۆرێک نمایشەکەتان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، فۆرمی ژیانی فەلسەفی کۆمەڵگەکەمان دووچاری گەلێک گرفتی پسیۆلۆگیانە و ناعەدالەتی و سەرهەڵدانی کۆمەڵە گرفتێک لە ئاکامی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و پێگە دەسەڵاتییەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە. گەلێکی قەیراناوی بەبێ دەسەڵاتی یاسای بنچینە داڕێژراوی مەدەنیانە و هاوچەرخی ژیارانەی سەردەمی زانست، گۆڕان لە جەوهەردا دروست نابێت، تا بتوانرێت لە ڕێیانەوە زەمەن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بێت و ئاستی ژیانی خەڵکی بەرەو ژیانی گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مەدەنیەت نزیک بخرێتەوە، بەو شێوەیە چیتر پێویست ناکات خۆمان بە کولتوورە جەڕاوییەکەی نێومان گرێ بدەین. بە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم (هاوڕێیانی هونەرمەندم، بەم کارە هونەرییەتان وەک لێزمەی باران بەهاری شانۆی کوردستانتان ژیاندەوە).

سەرچاوەکان:

***) دەقی شانۆیی باوک، ئاوگۆست سترینبێرگ، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی.**

***) المسرح الثوري، تأليف روبرت بروستاين، ترجمة: عبدالحليم البشلاوي.**

***) معجم المسرح، المنظمة العربية للترجمة، باتريس بافي، ترجمه: ميشال ف، خطار.**

***) لۆژیک و هونەری ئەرگومێنتسازی، نووسینی: فاروق ڕەفیق.**

***) شانۆیی خاتوو ژولیا، نووسینی: ئاوگۆست سترینبێرگ وەرگێڕانی لە سویدیەوە: عەلی عوسمان یاقووب.**

١) شانۆنامەی خاتوو ژولیا، لاپەڕە ١٣.

٢) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٤.

شانۆنامەی باوک لە نووسینی: ئاگۆست ستریندبێرگ

وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی

دەرهێنانی: سدیق عەزیز